# ئازادی ئایینی لە عێراق و هەرێمی کوردستان

27-04-2022

**نووسەرەکان**

ناوەندی لێکۆڵینەوەی رووداو

ئا: ناوەندی لێکۆڵینەوەی ڕووداو

ڕۆژی 25ی نیسان، کۆمسیۆنی ئازادیی ئایینیی نێودەوڵەتی(USCIRF) سەربە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا ڕاپۆرتی ساڵانەی خۆی لەبارەی ڕەوشی ئازادی ئایینی لە جیهاندا بڵاوکردەوە، کە تێیدا داوایکردووە عێراق بخرێتە لیستی چاودێری تایبەتی وەزارتی دەرەوەی ئەمریکا بەهۆی پێشێلکردنی لەڕادەبەدەری ئازادی ئایینی.

بە گوێرەی ڕاپۆرتەکە لە 2021دا تەگەرەکانی ئازادی ئایینی لە عێراق بەردەوام بووە و چەندین کەسی ئێزدی، مەسیحی، موسڵمانی عەرەبی سوننە و کەمینە ئایینی و ئەتنیکیەکانی دیکە لە ئاوارەییدا ماونەتەوە، کە لەساڵی 2014وە لە عێراق و سووریا لەبەر توندوتیژیی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و سووریا (داعش) هەڵهاتبوون. بێجگە لەوەش، لە گەڕانەوەیان بە پارێزراوی بۆ زێدی خۆیان، ڕووبەڕووی تەنگ و چەڵەمەیەکی بەردەوام دەبنەوە.

نەبوونی توانای جێبەجێکردنی ڕێککەوتننامەی شەنگال و باشکردنی بارودۆخی ئەمنی، وەك هۆکارێکی ڕێگر لەبەردەم گەڕانەوەو ئاسایشی ئێزدییەکان  هەژمار کراوە. سەرەڕای ئەوەش ڕاپۆرتەکە پێیوایە کە هێرشەکانی تورکیا بۆ سەر یەپەشە کاریگەری خراپی لەسەر کۆمەڵگەی کەمینە ئایینی و ئەتنییەکانی دیکەی باکووری عێراق هەبووە.

هەر لە ڕاپۆرتەدا ئاماژە بە بێزارکردنی کەمینە ئایینی و نەتەوەییەکان لە باکووری عێراق لەلایەن گرووپەکانی حەشدی شەعبی کراوەو ئاماژە بەوە دراوە کە " هێزەکانی حەشدی شەعبی بێ هیچ سڵەمینەوەیەک، لە دەشتی نەینەوا و شەنگال چالاکییان کردووە و پێشێلکاری زۆر خراپیان بەرامبەر ئەم کۆمەڵگەیانە ئەنجامداوە."

**ئازادی ئایینی لە عێراق و هەرێمی کوردستان**

بەپێی ڕاپۆرتەکەی کۆمسیۆنی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ ئازادیی ئایینی " دۆخی ئازادیی ئایینی لە عێراق، جگە لە باکوری عێراق (هەرێمی کوردستان) ، بە خراپی  ماوەتەوە. هەروەها لە ساڵی 2020دا، دۆخی ئازادیی ئایینی لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە بەراورد بە ساڵی پێشتر وەک خۆی مایەوە، ئەمەش سەرەڕای ئەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان وەزارەتێکی نوێی بە ناوی وەزارەتی هەرێم بۆ کاروباری پێکهاتەکان دروستکردوە."

بەپێی ڕاپۆرتەکەی USCIRF زۆرینەی دانیشتووانی عێراق موسوڵمانن و بەم شێوەیەی خوارەوە دابەش بوون:

- نزیکەی 64-69 لە سەدی موسوڵمانی شیعەن.
- 29-34 لە سەدی موسوڵمانی سوننەن.
- نزیکەی زیاتر لە 200 هەزار مەسیحی هەن کە سەر بە چەندین ڕێبازی جۆراوجۆرن.
- نزیکەی 700 هەزار ئێزدی نیشتەجێی ئەم  وڵاتەن، کە زۆرینەیان وەک ئاوارەی نێوخۆیی ماونەتەوە.
- نزیکەی 150 هەزار کاکەیی لە عێراق هەن.
- کۆمەڵگەیەکی بچوکی جولەکەش لە بەغداد و هەولێر نیشتەجێن.

**ڕاسپاردەکان بۆ حکومەتی ئەمریکا**

لە ڕاپۆرتەکەی (USCIRF) چەند ڕاسپاردەیەکی بۆ حکومەتی ئەمریکا خراوەتەڕوو، کە **یەکەمیان** ئەوەیە عێراق بخاتە ناو لیستی چاودێریی تایبەتی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا بەهۆی بەشداریکردن یان ڕێگەدان بە پێشێلکردنی لەڕادەبەدەری ئازادیی ئایینی بە پشتبەستن بە یاسای ئازادیی ئایینی نێودەوڵەتی (IRFA(. **دووەمیان** "لە چوارچێوەی پەیوەندییە دووقۆڵییە گرنگەکاندا، هانی حکومەتی عێراق بدات سیاسەتی ڕاگەیێندراوی خۆی پەیوەست بە جڵەوکردن و دانانی سنوور بۆ حەشدی شەعبی جێبەجێبکات، بە تایبەتی ئەو هێزانەی کە بەردەوامن لە نانەوەی ئاژاوە و برەودان بە توندووتیژیی تایفی و، ئاستەنگ بۆ گەڕانەوە و بووژاندنەوەی ئێزدییەکان و مەسیحیەکان و عەرەبە موسوڵمانە سوننییەکان و پێکهاتە ئایینی و نەتەوەییەکانی دیکە لە باکووری عێراق دروستدەکەن. **سێیەمیان** پەیوەندی دیبلۆماسی و ڕێگا بەردەستەکانی دیکە بەکاربهێنێت بۆ هاندانی حکومەتی  فیدراڵی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ چارەسەرکردنی ناوچە کێشە لەسەرەکان بەپێی ماددەی 140-ی دەستوری عێراقی و بەشداریپێکردنی کەمینە ئایینی و نەتەوەییەکان لەم

پرۆسەیەدا و جێبەجێکردنێکی رێککەوتنی شەنگال. **چوارەمیان** سزای دیاریکراو بەسەر ژمارەیەکی زیاتر لە سەرکردەکانی حەشدی شەعبی بسەپێنێت کە میلیشیاکانیان دەکەن بۆ پێشێلکردنی ئازادیی ئایینی ئاراستە دەکەن.

بۆ خوێندنەوەی تەواوی راپۆرتەکە و وردەکارییەکانی بە زمانە جیاوازەکان بڕوانە:

بۆ زمانی کوردی (سۆرانی)

بۆ زمانی کوردی (کورمانجی)

بۆ زمانی عەرەبی